كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 17:27 17-9-2007

## بۆ گشت میدیاو كەناڵەكان، خەڵكانی نیشتیمانپەروەرو ئازاردیدەی كوردستان



پاش ئەوەی ڕۆژی 2007/7/4 هاووڵاتییەكی خەڵكی هەڵەبجە بەناوی "ئیسماعیل محمد ڕەشید" لە تەمەنی 42 ساڵیدا لە شاری شەفیڵدی بریتانیا بە شێوەیەكی نامرۆڤانە بە دارو ئاسن و چەقۆ لەلایەن 20 پاكستانیەوە كوژرا، دوای دەستگیركردنی تاوانباران و بە سزاگەیاندنیان لە ووڵاتی بەریتانیاو پاش تێپەربوونی 70 ڕۆژ لێكۆڵینەوەی پۆلیسی بەریتانیا لەو كارەساتە و دانانی تەرمی ناوبراو دوور لە كەس و كارو لە ناو سەلاجەیەكی ساردی دوورە ووڵاتی و هەناسە ساردی كەس و كارەكانی لە هەڵەبجەی شەهیدو دیسان ساردوسڕی پەیوەندیەكانی حیزبە كوردستانیەكان و پەیوەندیەكانی حكومەتی هەرێم كە خۆیان تێنەگەیاند ئەوەندە ویژدانیان بجوڵێ و تەرمی ناوبراو بە كەژاوەیەكی جوان بهێننەوە بۆ ووڵاتی دایك و هەر ڕۆژەی بە بیانویەك هێنانەوەی تەرمەكەیان دوا ئەخست و پشتگوێیان ئەخست وەك بڵێیت حكومەتی هەرێم ئەوەندە هەژار بێت نەتوانێ ئەو برە پارەیە دابین بكات كە پارەی یەك دەعوەتی شەوێكی هۆتێلە راقیەكانی بەرپرسێكیش نەبوو!! بۆیە بە كۆمەكی خێرخوازانی نا حیزبی و دوور لە حكومەت 6000 $ شەش هەزار دۆلارمان كۆكردەوە بۆ كرێی فرۆكە، تاوەكو تەرمەكەی بگاتەوە كوردستان دوور لە كەس و كارو بەبێ هیچ كارمەندێكی سەفارەتی عیراق یان پەیوەندیەكانی حكومەت، كە ئەسڵەن ئەمە كاری حكومەتە نەك خەڵكانی دیكە چونكە هاووڵاتیەكە هاووڵاتی كوردستانەو مافی هەبوو بەسەر حكومەتەوەو بەداخەوە نەدەبوو حكومەت ئەمە هەڵوێستی بێت.

بەهیواین سبەینێ 3 شەممە 2007/9/18 سەعات 8ی سەرلەبەیانی لە مەراسیمی هێنانەوەی تەرمی ناوبراودا لە فرۆكەخانەی سلێمانی گشت لایەكتان ئامادەبن، تەنها ئامادەبونتان ئازارەكانی ئێمە كەم ئەكاتەوە كە ئازاری خێزانێكی خاوەن 18 شەهیدی كیمیابارانی هەڵەبجەیە.

دەستەی مەراسیمی هێنانەوەی تەرمی ئیسماعیل محمد ڕەشید هەڵەبجەیی
لە ناوەوەو دەرەوەی ووڵات

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.